کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# وەلامێک بە هەڵاڵەی گوڵە نێرگزێ نوسراو لە پەپولەوە بۆ چرا

هێمن ڕەئوف ... سویسرا
www.hemnrauf.kurdblogger.com



ئەی چرا پڕ لە ڕووناکی و
لە بێدەنگی و لە شێنەیی و خەمگینەکەم
ئەی دوولبەرە پڕ لە هەست و
ئازیزە نازەنینەکەم

من بۆ کوێ بێم ؟؟؟؟؟؟؟؟
کە دەزانم تۆ دیاریی دۆزەخی بۆ من ؟
کە دەبینم ڕووناکی دەدەی بە ژیان
سوتان دەکەی بە دیاری یەکەم دیداری خۆت لەگەڵ من ؟؟

ئاخر چۆن بێم ؟؟؟؟؟؟؟؟؟
کە دەبێ بەسەر تەنوری
ژیانێکا ئاسمان ببڕم ؟
تۆزی باڵم دەوەرێنێ و ناگەم بەتۆ
یان کە گەیشتم
باڵەکانم دەبنە خۆراکی گڕی پڕ لەگەرمیت ؟

من دەزانم لە ئامێزتا
باخچەیەکی تێدا نییە
تا بتوانم
لەم سەرەتای پایزەوە هاتا بەهارێکی دادێ
ئۆقرە بگرم

نا گیانەکەم
نەکەی هەرگیز لەم گەرمییە پەشیمان بیت
نەکەی بۆ خۆشەویستییەک
تا هەتایە بێکەس و هەناسە سارد و لانەواز بیت

من دەزانم ئەگەر گڕی تورەت لەسینگت دەربێنی
ئامێزت وەک بیابانێ ووشکو بێ ئاو
نە گوڵێکت تێدا دەژی
نە عاشقێ لەبەر تاریکی ڕووخسارتا
بە کوڵ دەگری
نەمنیش بەم ناسکییەوە بەبێ گوڵ و بەبێ سۆز و
بە بێ ئاوەدانی دەژیم

ئاااااااای چرا کەم .
من دەمزانی
عەشقی ئێمە
لە دوورەوە و بێ تێکەڵبوون و ڕامووسان واتای هەیە
بۆیە ئەوا زەمەنێکە
نە من دێم و نەتۆیشم بۆ ئامێزی خۆم بانگ کردوە !!!!!

دە بڕۆ بەو ناسکییەوە
لە بەردەمی مناڵێکی کوردستاندا
بەو گەرموو گوڕیەی جاران
دانە دانە پیتەکانی نیشان بدە !!!!

من دەزانم تۆ ناتەوێ
فریوی پەپولەیک بەیت
ئەوە سروشتە وادەکات
نایەکسانی ناو دەروونی
پێشانی ئەم جیهانە بات . !!

دە بڵێم چی
کە من و تۆ ی بێگوناهو بێناونیشان
بوینەتە قوربانی دەستی  ئەم کارەساتە نەگریسە
تا هەتایە دەبێ تەنها
لە دورەوە نامەی بێ بۆن و بێ زمان لە یەک بگرین .

هەتا ژیان بەیەکجاری
بەدەستی خودی زۆرداری
دەرمان خواردی مەرگ دەکرێ
لە دوورەوە بۆیەک بگرین .

من نامەوێ لەمە زیاتر
نە تۆ بۆمن
نە من بۆ تۆ
بە بێ هیوا و بێ ئومێدێ بۆیەک بژین .

ئەوا دێم و دەبمە قوربانی دەستی ئەم ژیانە نالەبارە
با ئەم ڕیتمە شاعیرانەیە تێک نەدەین
من هەر پەپولە و تۆ چرا
لە ئامێزی پڕ لە گڕ و ڕوناکتدا
ڕۆحیانەتم جێدەهێڵم .

بابسوتێم و هەناوت قرچە قرچی لێهەڵبسێ
باببینە چیرۆکێکی ڕۆژێکی نوێو
منداڵێکی زمانشیرین
بۆ هاوڕێیەکی بزێوی
ناوکولانە شەرمنەکانی شارەکەی مناڵیمانی وەگێڕێ ..........